**بە نــاوی خــوای بەخشــندەو میهرەبــان**
**بە نــاوی گەلـــەوە**
**ئە نجــومەنی نیشتمانیی کوردســـتانی عێــراق**
**ژمارەی بــڕیـــار : ٣١**
**رۆژی بــڕیـــار : ٢٠٠٣/١/١٥**

## " بڕیـــار "

پشت بە حوکمەکانی برگە (١)ی ماددەی پەنجاوشەش لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) و ، لەســەر داوای ژمــــارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومــەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ، ئەنجومەنی نیشتمانی لە دانیشتنی رۆژی (٢٠٠٣/١/١٥) یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەیدا :

**یەکــەم :** بوجەی ساڵی دارایی (٢٠٠٢)ی هەرێم ئیعتیماد دەکرێ وەك ئەساسێك بـۆ خـەرج و داهاتی بوجەی ساڵی دارایی (٢٠٠٣)ی هەرێم.

**دووەم :** پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم بڕیارە بخاتە بەرکار.

**سـێیەم :** پێویـستە لەسـەر وەزیـری دارایـی و ئـابووری رێنمـایی پێویـست بـۆ سـاناکردنی بەرکارخستنی حوکمەکانی ئەم بڕیارە دەربهێنێ.

**چـوارەم :** ئەم بڕیارە لە رۆژی (٢٠٠٣/١/١) وە دەخرێتە بەرکار و لە (وەقایعی کوردستان) دا بڵاودەکرێتەوە.

**د. کمــال عبدالکــریم فـؤاد**
**سـەرۆکی ئە نجـومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتانی عێـراق**